تیتل و بیبل و هەدایە

هۆنراوە: م. مەزهەر
نیگارکێش : محەمەد ڕۆستەمزادە

بەناوی خودای دلۆڤان

تیتل و بیبل و هەدایە

چیرۆکی کۆنی کوردی

بەتۆزێ گۆڕانەوە

هۆنراوە:

م. مەزهەر

نگار:

محەممەد رۆستەمزادە

(نامۆ)

سەرناسە : مەزهەر، موفیدە ١٣٣٢

عینوان‌ونێوی‌بەدیهێنەر:تیتل و بیبل و هەدایە/نووسەر موفیدە مەزهەر

نیگارەکان : محەمەد رۆستەمزادە (نامۆ)

نیشانەگەلی رِوالەتی : ٢٦ لاپەرەی نیگاردار

نیوەرۆک : چیرۆکی کۆنی کوردی بۆ مندالان

شابەک : ٧-٢٧-٦٧٢٠-٩٦٤

گروپی تەمەن : ب، ج

رەدەبەندی دیویی : فا/٢١٩/٨

ژمارەی کتێبناسی میللی : م٩٤١-٨٠

ووسەر : موفیدە مەزهەر

یگارەکان : محەممەد رۆستەمزادە

اشر : نووسەر

ۆبەی چاپ : چاپی هەوەڵ

ەژمار : ١٠٠٠ دانە ـ خشتی

یزاین : ئومید موقەددەس

رخ : ٣٠٠٠ تمەن

ابەک : ٧-٢٧-٦٧٢٠-٩٦٤

ناوەندی بڵاوکردنەوە:

سەقز ـ فەرهەنگسەرای هونەر و ئەندیشە

٠٩١٨٧٧٧١٥٨٥

دەشتێک بوو پان و بەرین   رازاوە و پاک و نەخشین

پەپوولەی جوانی رەنگین   گوڵی سوورو زەرد وشین

دەنگی مەل و خورەی ئاو
لــەم دەشـت و مێرغـوزارە
مـــاڵی بزنێکـــی وریـــا
دایکێ کـارزان و خۆشـخوو

تیشـکی رەنگاڵـەی هـەتاو
مـــاڵێ بچـــووک دیـــارە
هۆشـــیار و ژیـــر و ئـــازا
سێ کاژەڵـەی جـوانی بـوو

خـرت و مـرت و ژیکەڵـه

شۆخ و شـەنگ و زیتەڵـه

یـەکیان نـاوی تیتـل بـوو

ئـەوی تریـان بیبـل بـوو

چکۆلەکـــەی هەدایـــه

جـەرگ و هــەناوی دایـه

گ ڕۆژێ بزنـــه دایـــه

گیـادێنێ لــەو مەزرایـه

کـه ڕۆژ بـوو بـه ئێـواره

کـەی ئیتـر کـاتی کـاره

دایە دیتۆ بەرەو ماڵ   گوانی پڕشیروخۆشحاڵ
مناڵەکان ئەدوێنێ   ئەم ئاوازە ئەخوێنێ:
«تیتڵ و بیبل و هەدایە   درگا کەنۆ بۆ دایە
دایە شیر لە گوانیایە   گیا لە بێخی دیانیایە»

کاژەلـەکان گـوێ ئـەگرن
«دایــە کۆڵەکــەی مـاڵم
بــەخێربیتۆ لــە خێــران

جـا درگاکــە هەڵئــەگرن
رووناکی مــاڵ و حــاڵم
لەگەڵ مانگ و ئەستێران»

ڕۆژان ڕۆیــین بــە خۆشــی
بــەڵام ڕۆژی لــە ڕۆژان

بێ خـەم و بـێ پەرۆشــی
دایـک هاتــەوە بــە گریــان

روویکردە بەچکەکانی
وتی : «رۆڵە وریا بن
چون گورگێ بەدی بەدکار
خەریکی فڕو فێڵە

کاژیلە جوانەکانی
هۆشیاربن و ئازا بن
هاتوو چوویەتی وەک هار
بە دوای ئێمەدا وێڵە

بێ بەزەو بێ ئامانە / خاوەنی چنگ و دیانە

ئامان رۆڵەکەی دایە / گورگ دەرد و بەڵایە

درگاکەی بۆ هەڵنەگرن / پەڵپ و بیانووی پێبگرن»

ماوەیەک باش بەسەرچوو / هیچ دەنگ و باسێ نەبوو

گورگ خەریکی کڕوکاش / هەلێکی دەسکەوتە باش

ماڵی بزنی کردە چاو — لیحەرام بوو نان و ئاو
لیان کەوتە فێڵ کردن — هات و درگای پێگرتن
ڕۆژێ هات بە لوورە لوور — دەسی کرد بە قوورەقووڕ:
"تیتل و بیبل و هەدایە — درگاکەنۆ بۆ دایە

دایە شیر لە گوانیایە   گیا لە بێخی دیانیایە»
کاژیلەکان زۆرترسان   لە ترسانا ئەلەرزان
رێگای دەرچوونیان نەبوو   چیبکەن چارەیان چی بوو؟
وتیان : «رێگای لێ بگرین   پەڵپ و بیانووی پێبگرین»
کاژەل وتیان : «تۆ گورگیت   لەرەنگی دایکمان نیت!
رەنگی دایکمان شینە   یەکجار جوان و نەخشینە»

گورگە ڕۆیی دەسوبرد
زرمە زرم و تەپەتەپ
دیسان وتیان: «بڕۆ دەی
دایکی ئێمە بەفرینە
گورگە ڕۆیی بەئاسان
سپی وسۆڵ وپاک و جوان
"تیتل و بیبل و هەدایە

سەروسەرتاپای شین کرد
درگای دا بەرمشت وشەپ
کەی ئەتۆ دایکی ئێمەی
سپی و جوان و شیرینە»
خۆی گرتە ئاردی ماڵان
دای لە درگا، تەق تەقان:
درگاکەنۆ بۆ دایە

دایە شیر لە گوانیایە
گیا لە بێخی دیانیایە»
بەڵام دیسان کاژەڵە
وتیان بە گورجی و پەلە:
«خۆ دایکی ئێمە سوورە
بێگەردە وەک بلوورە
تۆ تۆزاوی و چڵکنیت
بڕۆ دایکی ئێمە نیت»
گورگە خۆینا قوڕی سوور
هاتەوە بە لوورە لوور
کاژەڵەکان هەم دیسان
گورگەیان هەڵفریوان

گورگه بەم فێڵەی زانی
تێگەیی کاژیلەکان
درگای دا بەرهێزی شان
پڕی دایە کاژەلە
خۆی شاردەوە هەدایە
دایک هاتەوە بەرەو ماڵ
دی درگاکەی شکاوە

نەوەستا بۆ بەیانی
هەم هۆشیارن هەم ئازان
لە گریژەنەی ترازان
دووانی قووت دا بە پەلە
چاوەڕوانە بۆ دایە
ڕوانی لە حاڵ و ئەحواڵ
ماڵەکەی شپرزاوە

هاواری کرد : «تیتل گیان
خاکی کوێ کەم بەسەرما
هەدایە زۆر ترسا بوو
وتی: «دایە دایە گیان!
کەوتە خۆ بزنی ئازا
ماڵی ورچی کردە چاو

هۆی هەدایە، بیبل گیان
روولە کێ کەم بەم سەرما»
هەر رۆحی پێنەما بوو
تیتل و بیبل یان ڕفان»
بەهەر چوار دەورا گەڕا
بازیدا سەر بان بە تاو

کردیە هەرا و تەپەتەپ
ورچە بۆر بە بۆڵە بۆڵ
وتی: «کێیە لەو بانە
بەو زرمە و تەپ وتۆزە

ڕاکەڕاکە و شەپەشەپ
دەرپەڕی لە ماڵی چۆڵ
خەریکی ڕەپ ڕەپانە
پڕبوو کیتەڵە و گۆزە!»

بزن قیڕاندی ئەمجار:
منم چاو بزبزۆکێ
کێ خواردی بەچکەکانم

«ورچە بۆرەی ستەمکار
شاخم وەک بێڵ بێڵۆکێ
بێتە شەڕە مەیدانم»

ورچــــه زۆری پــێ داچــوو
وتـــی: «ئاگــام لـــێ نییـــه!
شــەڕی چــی مەیدانی چــی؟
بـــزن، بازیـــدا ســـەربان
کردیـــه هـــەرا و تەپەتـــەپ
گورگـــه لـــەماڵا کەوتـــه!
ئـــەڵێ : «کێیـــه لـــەو بانـــه
بـــەو زرمـــەو تـــەپ و تـــۆزە
چوونکـــه گونـــاهی نـــەبوو
ئـــەو هـــەرا هـــەرا چییـــە؟
کاژیلـــەیچی، خـــوانی چـــی؟»
گـــورگی چاوبرســـی مـــل پـــان
ڕاکـــه ڕاکـــه و شـــەپه شـــەپ
ســـکی تێـــره لیخەوتـــه!
خـــــەریکی ڕەپ ڕەپانـــــه
پڕبـــوو کیتەڵـــەو گـــۆزه»

بزن كردی بەهاوار : «گورگی دڕی ستەمكار
منم چاو بزبزۆكێ شاخم وەک بێڵ بێڵوكێ

كێ خواردی بەچكەكانم بێتە شەڕە مەیدانم»
گورگ وتی:«من خواردومە رزقی خۆم بوو، بردوومە!
جەنگت ئەوێ، بە چاوان! دێمە شەڕت لە مەیدان»

بـــزن زانـــی بـــەم جـــۆرە   گورگ مـەیلی شەڕوشۆڕە
ڕانەوەستا گـورج هـەڵات   شکات بـۆ قـازی ببـات
باســەکەی بـۆ گێـڕاوە   قـــازی زۆردڵـــی داوە

فەرمووی سەیزوو بەیانی — بچنە شەڕە مەیدانی
گورگی ملهوڕ ئەمجارە — کەوتە تەکبیر و چارە
هەمانەیەکی هێنا — پڕیکرد لە بۆن و با
بۆ وەستای ئازا وکاری — هەمانەی برد بەدیاری!

وتـــی : «کـــاکی ئاســـنگەر
فەرموویانـــــە بـــــەیانی
جـــەنگم لـــە گـــەڵ بزنانـــە

وەستای زانای پڕ هونـــەر
بچمـــە شـــەڕە مەیـــدانی
شـاخ تیـژە، زوان نەزانـە

تیـــژی کـــە دیانـــەکانم
دەردی پەنجەت لە گیانم»

وەستا وتـی: «بەسـەر چـاو
ئـــەو هەمانـــە لـــەولاوە
مامـــە گورگـــەی نـــاو زڕاو
بۆ حەق دستت هینـاوە؟»

وتـی : «بـەڵێ هـی منـە   ناقابیلــــە، تووتنـــە!»
خـوت و خـاڵی هەمانــە   هــــەڵگرتنی ئاســـانە!
وەسـتا بـەم فێڵـەی زانـی   لــە ژێرلچــۆ بــۆڵانی:

«هـۆی حیلـەبازی بەدفـەڕ   دوژمنــی کاژیلــەو مــەڕ
ئــەبێ بیکەمــە کــارێ   ئابڕوت بچێ بە جارێ!»
وەسـتا مـام گـورگی دانـا   چـەکوش وگـازی بۆ هێنـا

دوو کەڵپەی گورگی کێشا گورگ بوراوە لە ئێشا!

ماموەستای زانای زۆرزان لبادی نا جێگەی دیان!

گورگ هەرچەن فێڵەزانە لە زانستا نەزانە!

نەی زانی چی قەوماوە چی بەسەرا هێناوە

رۆییشتەوە بەرە و ماڵ بێئاگا بوو لە ئەحواڵ

لەم لاشەوە بزن چوو
ماسێکی جوان و شیرین
ژەنگی دڵ ئەباتەوە

تیکلە ماسی هێنا زوو
وەک مەرهەم بۆ سەربرین
نەخۆش چاک ئەکاتەوە!

تا بەر دوکانی وەستا
وتی:«وەستای ئازا و ژیر
قازی فەرمووی بەیانی
وەستا ئامان سەد ئامان
تیژی کە شاخەکانم

هەرهەڵات و نەوەستا
بۆم بکە ڕا و تەکبیر
بچمە شەڕە مەییانی
لە گەڵ گورگە جەنگمان
دەردی پەنجەت لە گیانم

با ورگی گورگ بدڕێنم
وتی: «هۆ بزنی دایە
گورگە دڕە و زۆردارە
ئەمن یارمەتیت ئەدەم
پۆلای خستە سەر شاخی
بۆ بەیانی سبحی زوو
مەییانەکەی بەرماڵان

تیتل و بیبل دەربێنم»
چارەت لە دەس مندایە
درۆزنە و بەدکارە
شاخەکانت چاک ئەکەم!»
با گورگە بێ بە داخی
هێشتا خۆر نەکەوتبوو
بوو بە شوێنی شەق شەقان

خەڵکی هەمووی وەستاون   بۆ سەیریان بانگ کراون

گورگە هەڵمەتی هانی   قەپی لێگرت بە دیانی

لبەد کەی بۆ دیان ئەبێ!   هەر گورگە ئابڕووی ئەچێ

قەپی گرت، بە هیچ نەبوو   بزنۆکەی لەدەم بەربوو!

نۆرەی گورگ تەواو بوو   بزنە کەوتە هاتوو چوو

سمکۆڵی کرد، تی تەقاند شاخی لە ورگی چەقاند!
سکی گورگەی هەڵدڕی تیتل و بیبل دەرپەڕی!
تیتل و بیبل و هەدایە دەسیان کردە مل دایە

منالە جوانەکانم رۆڵە شیرینەکانم
ئەم چیرۆکە دوایی هات یاخوا بگەن بە ئاوات
هۆشیار بن و زانا بن بە فێڵی گورگان نەچن

تەواو